# کاتی ڕۆژوو شکاندنی ناو فڕۆکە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# وقت الإفطار في الطائرة

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# کاتی ڕۆژوو شکاندنی ناو فڕۆکە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە:

**پرسیار :** من کوردێکی نیشتەجێی وڵاتی بەریطانیام، ڕۆژی دەیەمی ڕەمەزان بە فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی شاری لەندەنەوە سەفەرم کردەوە بۆ سلێمانی، نیو کاتژمێر پێش بەربانگ کردنەوە فڕۆکەکەمان هەڵفڕی بەرەو سلێمانی، نیو کاتژمێر پاش ئەوە لە لەندەن کاتی بەربانگ کردنەوە بوو، بەڵام ئێمە لەناو فڕۆکەکەدا هێشتا خۆرمان دەبینی و تا سێ کاتژمێریش هەر خۆر لای ئیمە ئاوا نەبوو، تا لە فڕۆکەخانەی سلێمانی دابەزین ئەوجا تازە بانگی ئێوارەی دابوو، من تێرامابووم، نەمدەزانی بەکاتی چی ووڵاتێك ڕۆژوەکەم بشکێنم بە کاتی بەریطانیا یان بەکاتی کوردستان؟ وڵاممان بدەنەوە خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

خواي گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا نیشانەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرای دیاری کردووە بۆ ڕۆژوو شکاندن، ئەویش لەو ئایەتەدا بەدەر دەکەوێت کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِ ﴾ [ البقرة :١٨٧ ] واتا : بخۆنەوە هەتا بە ڕوونی بەرەبەیان و سپێدەتان بۆ دەردەکەوێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە دیاردەدات و تاریکی شەو لادەبات، لەوەودوا ڕۆژووەکەتان ببەنە سەر تا شەو دادێت و (خۆرئاوا دەبێت).

پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : « إِذَا أَقْبَلَ اللَّيْلُ مِنْ هَا هُنَا - يعني من جهة المشرق -، وَأَدْبَرَ النَّهَارُ مِنْ هَا هُنَا - يعني من جهة المغرب - ، وَغَرَبَتْ الشَّمْسُ: فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ » [ رواه البخاري ] واتا : هەرکاتێك شەو لە لای ڕۆژهەڵاتەوە هات و ڕۆژیش لە لای خۆرئاواوە پشتی هەڵکرد و خۆرئاوا بوو، ئەوە ئیتر ڕۆژووەوان ڕۆژووکەی دەشکێنێت .

کەواتە برای بەڕێزم جەنابت هەرکاتێك لەناو فڕۆکەکەدا هەستت کرد لای بەڕێزتان ڕۆژ ئاوا بووە، ئەو کاتە دەتوانیت ڕۆژووەکەت بشکێنیت، چونکە ڕۆژوو شکاندن پەیوەست نییە بەکاتی وڵاتان و شارەکان، بەڵکو پەیوەستە بە ڕۆژ ئاوابوون، ئەو معیارەیە کە خوای گەورە دیاری کردووە بۆ ڕۆژوو شکاندن،

هەرچەند ئەو ڕۆژە بەڕێزت پێدەچێت سێ کاتژمێر لە ڕۆژەکانی تر زیاتر ڕۆژوو گرتبێت، ئەگەر فڕۆکەکەتان بە ئاسمانەوە بوو، پێدەچێت ئێوە لە ئاسمانی وولاتی تورکیا بووبن، لەو کاتەدا ڕۆژ ئاوا بووبێت و خۆرتان لێ وون بووبێت، کەواتە ئەو کاتە کاتی ڕۆژوو شکاندنە لای ئێوە کە لەناو فڕۆکەکەدا بوون، لەو کاتەدا ئێوە نە بە کاتی وولاتی بەریطانیا ڕۆژووتان شکاندووە، کە ڕۆژانی تر کە لەوێ بوون بەکاتی ئەوێ ڕۆژووتان شکاندووە، وە نە بەکاتی کوردستانیش بووە، کە ئێوە مەبەسەتی سەفەرەکەتان بۆ کوردستان بووە، بەڵکو بە پێوانەی ڕۆژئاوابوونی کاتی ناو فڕۆکەکە بووە .

ئەم حوکمە بۆ کاتی گەڕانەوەش هەروایە، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو ئەمجارە بەرێزت کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ لە فڕۆکەخانەی سلێمانیەوە فڕۆکەکەتان هەڵبفڕێت بەرەو وولاتی بەریطانیا و پاش چوار کاتژمێر بگەنە بەریطانیا ولەوێ کە دابەزین یەکسەر خۆر ئاوا بوو و کاتی بانگی ئێوارە بوو، لەم کاتەشدا دەبێت ڕۆژوەکەت بشکێنیت هەرچەند بەکاتی کوردستان هێشتا لەوێ تازە کاتی بانگی عەسر بوو بێت، ئەم ڕوونکردنەوەیشم بۆیە دا، تاوەکو جەنابت بزانیت پێوانەی ڕۆژوو شکاندن خۆر ئاوابوونە نەك کاتی وولاتەکان، تۆ لەهەر جێگایەك بوویت و بەرۆژوو بویت دەبێت چاوەڕوانی خۆر

ئاوابوون بکەیت، ئیتر ئەگەر لە کوردستان بوویت، یان لەناو فڕۆکەدا بوویت، یان لە بەریطانیا، وهەر وولاتێکی تر بوویت ..

خوای گەورە سەربەرز و موەفقتان بکات ..